# ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە؛ ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان». ولە گێڕانەوەی (الحاكم)دا: «چونکە ئەمە (ئەم دەستنوێژگرتنە) دەبێتە هۆی هێنانی وزە وچالاکی زیاتر لە جاری دووەمدا».

[صەحیحە] [حاکم گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە ڕێنماییەکە لە لایەن پێغەمبەرەوە -صلی الله علیه وسلم- بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت دووبارە بچێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی بۆ جیماع کردن، کە دەفەرموێت: (ئەگەر هەریەکێکتان چوو بۆ لای خێزانی، ئەگەر ویستی دووبارەی بکاتەوە): واتا ئەگەر پیاوێک جیماعی کرد لەگەڵ خێزانەکەی، وپاشان ویستی جاری دووەم یان سێیەم جیماع بکات. ورێنموێنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئەوەیە کە دەفەرموێت: (ئەوا با دەستنوێژ بگرێت لە نێوانیان): واتا پاش جیماعی یەکەم وپێش جیماعی دووەم، ومەبەست لە دەستنوێژگرتن لێرەدا؛ هاوشێوەی دەستنوێژگرتنە بۆ نوێژکردن چونکە ئەگەر دەستەواژەی دەستنوێژگرتن بەکارهێنرا بنچینە ئەوەیە مەبەست لێی دەستنوێژگرتنی شەرعییە بۆ نوێژکردن، ولە گێڕانەوەیەکی تردا کە لە (ابن خزيمة) و (البيهقي) هاتووە، کە -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: (فتوضأ وضوءك للصلاة) واتە: (هاوشێوەی دەستنوێژگرتن بۆ نوێژکردن؛ دەستنوێژ بگرە)، وئەم دەستنوێژگرتنە سونەتە (موستەحەبە).



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee